# ئێمە تاکو پازدەی ئاب

مەجید ساڵح/کەلار
Magid1968@yahoo.com

ئەومانگەی کە دادێ بە نسبەت گەلی ئێمەو عیراقیەکان مانگێکە کەدەکرێت تێدا پاش هەشتا ساڵ لە ناکۆکی ونایەکسانی، بگەینە پەیمانێکی کۆمەلأیەتی وا؛ نەك هەر نەوەکانی ئێستامان بەڵکو چەندین نەوەی داهاتوو لە پاڵیدا بحەسێنەوە.بە پێچەوانەشەوە دەکرێ ببێتە مانگێك، کە کورد ناچار بێت هەنگاوی رێگەچارەی تر بۆ خۆی هەڵببژێرێت.

هەموومان ئاگاداری ئەوەین ئێستا لە بەغدا، لیژنەی دارشتنی دەستور کە لە کورد وعەرەب(بە شیعەو سونی یانەوە) لە گەڵ کەمینە نەتەوەییەکانی تریعیراقد ا سەرقاڵی ئەوەن لە بەر رۆشنایی (یاسای کاتی بەرێوەبردنی عیراقدا)دەستورێکی هەمیشەیی دارێژن و لە ١٥ئابی داهاتوشدا بیخنە بەردەم گەلانی عێراق بۆ ریفراندۆم .

لەو مەسەلە گرنگانەی کە لەوانەیە زۆرترین پانتایی لە وتوویێژەکانی ناو لیژنەی دارشتنی دەستور داگیر بکات ،مەسەلەی حکومەتی عەلمانی وئیسلامی ورۆڵی دین لە ئەحکامەکانی دەستور و مەسەلەی فیدرالیەت وجۆرەکانیەتی.ئەو دوومەسەلە بۆخۆیان بەسن بۆ ئەوەی جارێکی تر عێراقیەکان لە ناویەکدا بەش بەش بن.ئەمەش ناچاریان دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر پەنا بۆ لایەنی تر بەرن،کەبەنسبەت کوردەوە خۆی لە نەتەوە یەککرتوەکان و ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینێتەوە.

گەر تەماشای پێکهاتەی عەرەب بکەین لە ناولیژنەی دارشتنی دەستور، دەبینین زۆرینەی ئەو عەرەبانەیکە هاتونەتە ناولیژنەکەوە،کەمترین بایەخ بەویاسایە دەدەن کە پێشتر هەموو پێکهاتەکانی عیراق لە سەری رێککەوتوون و کوردیش بە هەموو توانایەکیەوە داوای ئەوە دەکات لە دارشتنی دەستوری هەمیشەییدا زۆبەی بەندەکانی بچەسپێن. عەرەبەکان هەرچەندە لە مەسەلە مەزهەبیەکانی خۆیادا ناکۆکن ،بەلأم لە دوو مەسەلەی گرنگدا کە بەندن بە چارەنوسی ئێمەوە ئەو ناکۆکیانە کاڵ دەبنەوە؛ یەکەمیان مەسەلەی ئەو ناسنامەیەیە کە دەبێت بۆ عیراقی ئایندە دابنرێت.دووهەمیشیان تێروانینیانە بۆ مەسەلەی فیدرالیزم وەك سیسستەمێك بۆ بەرێوەبردنی عێراق و نەهێشتنی سەنترالیزمی دەسەلأت. سەبارەت بە هەڵوێستی عەرەبەکان بۆ ناسنامەی عیراقی ئاییندە،سەرەرای بوونی هەندێك لایەن کە ئاراستەی بۆچونەکانیان وایە کە عیراق هیچ ناسنامەیەکی نەتەوەی نەبێت،بەلأم زۆربەیان لەسەر ئەوە کێشەیان نیە کە دەبێت ناسنامەی عیراق، ناسنامەیەکی عەرەبی بێت وزمانی عەرەبی تاکە زمانی رەسمی بێت لە عیراقدا.لە مەسەلەیەدا شتێکی سەیر نیە دوو رەوتی دژبەیەکی وەك ( هیئەی عولەمای موسلمین وحزبی ئیسلامی عیراق ) و( تەیاری سەدری وحەوزەی ئیمام الخالسی

وحەوزەی السید البغدادی) بە هەموو توانایەکیانەوە داوای ئەوە بکەن لە دەستوردا ئەوە بچەسپێت کە( عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب) ، لە حالێکدا لە مادەی (٧برگەی ب) یاسای کاتی بەڕیوەبردنی عیراق کە لە هەشتی ماری٢٠٠٤دا ئیمزاکراوە ،لە سەر ئەوە ڕێکەوتوین کە تەنیا عیراقی عەرەبی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب.

سەباەت بە تێڕوانینی عەرەب بۆ مەسەلەی فیدرالی دەکرێت دان بەوەدا بنێن کە زۆربەیان لە سەر ئەوە کۆکن کە عیراقی ئایندە دەبێت لە سەر بنەمای فیدرالیزم بێت.بەلاّم کاتێك دێتەسەر جۆرو شێوەی فیدرالیزمەکە ئەو کات ڕووی ڕاستەقینەکەیان دەردەکەوێت . بە شێوەیەکی گشتیدەکرێت بلێین عەرەبەکان هەر لە سەرەتای قبوڵکرنیان بە پرەنسیپی فیدرالیزم بۆ عیراق لە کۆنگرەی سەلاّحەدین لە ساڵی ١٩٩٢،مامەڵەیەکی پراکماتیکیانەیان لە گەڵدا کردووە هەرگیز رازی نەبوون بەو فیدرالیزمەی کە کوردلە بۆچوونی خۆیدا دایناوە.من وەك خۆم لە تێکڕای ئەو دیدارو مناقشەو میتنگانەیکەلە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ سەرانی حزبە عەرەبیەکان ( بەراست وچەپ وئیسلامی وشیعەو سونیەوە)ئەنجام دراون هیچ کات هەستم بەوە نەکردوە کە ئەوان سەرەڕای بەباش زانینی فیدرالیزم، مەبەستیان لەو فیدرالیەتە بێت کە کورد لە سەر بنەمای جوگرافی داوای دەکات.بەڵکو بۆچوونی ئەوان لەسەر فیدرالیزم دابەش دەبێت بۆئەم دووئاراستەیە: یەکەمیان؛ فیدرالیزم لە سەر بنەمای پارێزگاکان .واتە هەژدە پارێزگا هەیە، کەواتە دەبێت هەژدە یەکەی فیدرالی لە عیراقدا هەبێت. دووهەمیان فیدرالیزم لە سەر بنەمای یەکگرتنی چەند پارێزگایەك ،نمونەی ئەمەشیان ئەو فیدرالیەتەیە کە سێ پارێزگاکەی باشوری عیراق( بەسرە ،عمارەو ناسریە) داوای دەکەن.ئەمە جگە لەوەی کە بە شێکی زۆری عەرەبەکان فیدرالیزم بە هەڕەشە دەزانن نەك تەنیا بۆ سەر عێراق، بەڵکو بۆ سەر هەموو نەتەوەی عەرەب.

لە کەش وهەوایەکی ئاوادا ئێستا نوێنەرانی کورد لە لیژنەی داڕشتنی دەستوری هەمیشەی، سەقاڵی ئەوەن بەلای کەمەوە ئەو دەسکەوتانە لە دەستورەکەدا بچەسپێنن کە لە یاسای کاتی بەرێوەبردنی عیراقدا بەدەستمان هێناوە.هەرچەندە ئەمە کارێکی ئاسان نییە وپشوو درێژی پێویستە،بەلاّم گەر سیناریۆکان بەو شێوە نەچوونە پێشەوە کە ئێمە دەیخوازین وهەلومەرجەکان بەولایەدا نەشکایەوە ئەو دەسکەوتانەی کە ئێمە چەندین ساڵە لە پێناویدا فرمێسك وخوێن دەرژێنین بێنە دی،ئەوکات ئەرکی ئێمە وەك جەماوەر چییە؟!

وەك ئەزانین یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عیراق ، ئەو حەقەی داوە بەهەر سێ پارێزگا گەر بیانەوێت دەستورەکە بایکۆت بکەن،ئەمە خۆی لە خویدا دەسکەوتێکی گرنگە بۆ کوردو دەروازەیەکە کە دەکرێت لە ڕێگەی کاری جەماوەری گەورە بکرێت.هەرلەبەر ئەوەش بو لە پاش وتوویژێکی سەخت ودژوار وتەنانەت پاش گوشارێکی ئەمریکی توانرا ئەوبەندە لە دەستوردا بچەسپێت.لە ڕاستیدا دەکرێت بلێین

ئەو بەندەكوت ومت بۆ ئەوە دانراوە كە عەرەبەكان نەتوانن هیچ دەستورێك بە زۆی زۆرداری بەسەر كوردا بسەپێنن.

بەلأم من بۆ خۆم دووگومانم لا دروست بوە سەبارەت بە هەلۆێستی ئێمە لە كار كردن لە سەر ئەو بەندە.یەكەمیان ئەوەیە حكومەتەكەی جەعفەری كە لە سەریەتی بە پێی بەندو ئەحكامەكانی یاسای كاتی بەڕێوەبردنی عیراق بڕوات بەرێوە ،كەچی نەك ئەوەناكات، بەلكو زۆر ملهوڕانە ئامادەنییە تەنانەت ئەو رێكەوتنەجێبەجێكات كە هەردوو كوتلەی كوردستانی وشیعە لەسەری رێكەوتوون.ئەمەش دمانباتەوە بۆ سەر ئەو بۆچونەی كە لەوانەیەمامەلەكردنی جەعفەریلەگەلٚ(مادەی٦١برگەی ج)هەمان مامەلە بێت كەلەگەلٚ مادەی (٥٨)داكردی.

گومانی دووەهەمم لەوەیە لە حالەتێكدا ئەگەر دەستور خرایە ریفرادۆمەوە، دامەزراوە مەدەنی وحزبی ومیدیاكانی ئێمە تا چ راەیەك دەتوانن كۆ دەنگی لای شەقامی كوردی دروست بكەن.بە تایبەت گە بزانین بەشێك لە شەقامی كوردی كە خۆی لە رەوتە ئیسلامیەكاندا دەبینێتەوە لە ژێر كاریگەری ئیسلامدا لەوانەیەیە لەگەلٚ بەشكردنی ولأتێكی ئیسلامیدا نەبن و بە كارێكی جولەكەكانی بزانن.لە بەر ئەوەی ئەم دەستورە هەمیشەییەو ژیانی نەوەكانی ئایندەی پێوە گرێ دراوە، بۆیە بەبۆچوونی من دەبێت كورد، بەتایبەتی دامەزراوەكانی كۆمەلٚی مەدەنی وكەنالٚەكانی راگەیاندن هەر لە ئێستاوە تاكو١٥/٨/٢٠٠٥سەرقالٚی بەرچاوڕنكردنەوەو جۆشدانی جەماوەر بن بۆ ئەوەی لە كاتی خویدا گوشار و رۆلٚی دیمۆكراتیانەی خۆیان بگێرِن.